## كێ ریسوا كرا و بۆ؟ ... بێستون بەرواری

مخابن و زور مخابن ئەمە چەندین مانگە گەمەی گرتنی د. كەمال سەید قادر بووە سەر باسی زور لە بلاوكراوە كوردیەكان وبە تایبەتی لە سایتەكانی ئینتەرنێت و ژورەكانی پالتولك. هەروەكو لە كوردستان هیچ گرفتی تر مان نییە كە نوسەران و روشەنبیرانی كورد دەنگ لەسەری هەلبرن و كامپین بگرن. لە لایەكی تریش كە بریاری دادگای هەولێر دەبینین 30سال زیندان دابین دەكا لەسەر بناغەی دەستورێك كە گەلی كورد سەدان هەزار شەهیدی داوە بو نەمانی وا تێدەگەین كە هێشتا لە كوردستان مێشكی حزبی بەعسی گوربەگور هەر فەرمانرەوایە و پیادەش دەكرێت.
ئەگەر لەو رووداوە وردببینەوە زور بەداخەوە دەردەكەوێت كە هێشتا كورد لە قوناغێكی زور دواكەوتوودایە و ئێمە لە پێش مەترسیەكی زور گەورەداین. كاتێك روشەنبیرێكی كورد كە دوو دكتورای لە یاسا وەرگرتووە وخوێندنی لە ئەوروپا تەواو كردووە وچەند سالیش ماموستای زانكوی سلاحەدینی كوردستان بووە وهێشتا لە مانای تەواوی ئازادی و دیموكراسی تێنەگا وبەتایبەت لە وەزعی كوردستانی ئەمرو ئاگادارنەبێت تازە بێت و بەناوی رەخنە كومەلێك جنێووقسەی سووك بە كەسانی تر بدات و لە سایتەكانی ئینتەرنێت بلاوبكاتەوە. لە هەمان كات دا یەكێك لە گەورەترین حیزبی دەستهەلاتداری كوردستان بو رووبەرووبونەوەی ئەو كەسە پەنا بباتە بەر یاسای رژیمی بەعس وبەهەمان عەقلیەت رەفتاری لەگەل بكات وبریارێكی وا نارەوا بەناوی دادگاوە دەربكات، ئا لەو كاتە دەبێ دلمان بە چی خوشبێ؟؟؟ئەمە كردەوەی دكتورەكانمان بێت و ئەویش بریاری فەرمانرەوا!!
بەلام لەوەش خراپتر دوای زیاتر لە سێ مانگ دوای ریسوا كردنی كورد و سەدان نوسراوو ئیمزای نارەزایی، دوای ئەوەی دەیان رادیو وروژنامەو سایتی دوست و دوژمن وێنەیەكی رەشیان لە كوردستان پێشاندا، ئەمجا د. كەمال لە زیندانەوە داوای لێبوردن دەكات ودان بە هەلەكەی دەنێت ولەلایەكی تریش پارتی لە بریارەكەی پاشەكش دەكات وبریاردەدات د. كەمال سەرلەنوێ دادگابكاتەوە و ئازادی بكات. لێرەدا جێگای پرسیارە دەبیت كێ داوای لێبوردن لە گەلی كورد بكات كە ئەو وێنە ناشرینەی درایە میدیای جیهان و زورلە دوژمنانمان وەكو بەلگەی لە دژی كورد بەكارهێنا و جەماوەری كوردیشی پەروش كرد. هەروەها جێگای پرسیارە كە بوچی روشەنبیرانی كورد ئەو هێزوتوانایە دژی دوژمنانی كورد و بو خزمەتی گەلی خویان بەكارناهێنن؟؟ئایا مەترسی وگرفتی گەورەترمان لەكوردستان نیە كامپینی بو بگرین ولەدژی هاواربكەین؟؟

2006/1/28 سوێد